ئومێد خۆشناو پێشوازی کرد لە شاندێکی باڵای عێراقی تایبەت بە دەسپێی پێنابەران

ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر لەدیدارێکدا لەگەڵ شاندێکی ئاسایشی نیشتمانی عێراقرایدەگەیەنێت، وەکو حکومەتی هەرێم و پارێزگای هەولێر بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بەزێر لەوانەکردنەوەیئاوارە و پەنابەران نیین و دەشێت، "مەسرور بارزانی بەهەزەوە نیازی پاکە بە گەیشتن بەککەوتن لەگەڵبەغدا و نەهێان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان".

ئەمە یەکشەممە ئومێد خۆشناو پێشوازی لە شاندێکی باڵای لیژنەی هاوبەشی حکومەتی فیدراڵیتایبەت بە دەسپێی پەنابەران بە سەرکایەتی عەلی یاسر، بەوەبەری گشتیی دەزگای ئاسایشینیشتیمانی عێراق و لەکبونەوەیەکدا گفتوگۆ لەبارەی دۆخی کۆچبەران و ئاوارەکانی سنوری پارێزگایهەولێر کرا.

لەلایەن خۆیەوە سەرکی شاندی میوان، سوپاسی پارێزگاری هەولێری کرد بە هەمو ئەو هاوکاری ویارمەتییەی لە سنوری پارێزگای هەولێر بەو بە هیچ جیاوازییەك پێشکەش بە ئاوارە و

پەنابەران کراوە وئامادەیشی نیشاندا بە هەر هەماهەنگی و هاوکارییەکی پێویست لەگەڵ پارێزگای هەولێر، ستایشی ئەوئارامی و ئاسایش و ئاوەدانییەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هەولێری پایتەخت کرد کە هاتنە ئاراوە وڕایگەیاند، "مایەی شانازییە بە هەمو گەلی عێراق".

لەلای خۆشیەوە، ئومێد خۆشناو ڕایگەیاند، "سەرباری دۆخی سەختی ئابوری، وەکو حکومەتی هەرێم وپارێزگای هەولێر بەردەوام ویستومانە باشترین خزمەت پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران بکەین، دڵنیاتانده‌کەینەوە کە هەولێری پایتەخت هەمیشە پەناگەیەکی ئارام بوە بە ئاوارە و لێقەوماوان و هەمو ئەوانەشی لەترسی تیرۆر و تێقاندن و چەوساندنەوە ڕویان کردتە شارەکەمان، پایتەختی هەرێمی کوردستان شاریلەباوەشگرتنی هەموانە".

ئەوەشیخستەڕو، "وەکو حکومەتی هەرێم و پارێزگای هەولێر بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بە زەرەوانەکردنەوەی ئاوارە و پەنابەران نیین، بەڵکو خواستی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم ئەوەیە ئاوارە وپەنابەران بە ئارەزومەندانە و دوای ئاسایی بونەوەی ناوچەکانیان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان".

ئومێد خۆشناو وتیشی، "ئەو ئاوەدانی و پێشکەوتنەی کە لە هەرێمی کوردستان بە گشتیی و هەولێریپایتەخت بەتایبەت هاتنە ئاراوە کە ئەمڕۆ بتە مایەی شانازی هەمو گەلانی عێراق، دۆخی سەختیدارایی و هەمو ئەو قەیران و کێشانەی بەو هێیەوە ڕوبەڕوومان بونەوە و شەری تیرۆستانی داعش نەبوایە،هەرێمی کوردستان و پایتەختەکەی پێشکەوتنی زیاتریان بەخۆیەوە دەبینی".

لە تەوەرەکی تری دیدارەکەدا، باس لە بارودۆخی ناوچەکە بەگشتیی کرا و تیشك خرایە سەر دواینگەڵانکارییەکان و چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، لەوبارەیەشەوە

پارێزگاری هەولێرئاماژەی بەوەدا، "گەڵانی عێراق بەگشتیی ماندون و پێویستیان بە سەقامگیری و حەسانەوە هەیە، بەبێوای ئێمەش ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان، هێکاری سەرەکین بۆ دروستبونیئەو سەقامگیرییە".

باسی لەوەشکرد، "هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێم بەهێزەوە نیازی پاکە بۆ گەیشتنبەڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و نەهێان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان".